ڕێگای کوردستان

دووشەممە 19ی فبرایر (شوبات) ی 2001 ژمارە (441) ساڵی (56)

# چەند لایەنێك لە

## ★چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنی لەگەڵ هاوڕێ حەمید مەجید موسا

## ★وتەی هاوڕێ حەمید مەجید موسا لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەناو پەرلەمانی فەرەنسا

لە گەشتە سەرکەوتووەکەیدا بۆ وڵاتانی ئەورووپاو، دوای ئەنجامدانی کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆر لە بوارەکانی پەیوەندیو ڕاگەیاندنو ڕێکخستنی کۆڕوکۆبوونەوە، هاوڕێ (حەمید مەجید موسا) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق لە هەفتەی ڕابوردوو گەڕایەوە خاکی وڵات.

لێرەدا چەند لایەنێک لە چاوپێکەوتنەکەی ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنی لەگەڵ هاوڕێو، بەشێک لە وتەکەی لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە چاودێری پارتی سەوزی فەرەنسایی لەناو پەرلەمانی ئەو وڵاتە بڵاودەکەینەوە.

ڕێگای کوردستان



### چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ئەلحەیات لەگەڵ هاوڕێ (حەمید مەجید موسا)

*هەڵوێستی ئێوەو، ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە گشتی چ دەبێت بەرامبەر بە کودەتای کۆشك، یاخود کودەتای سەربازی. بە تایبەتی ئەم شێوازەی گۆڕان پەسندە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانو، هەندێك لایەن لەوە دەترسن کە بۆی هەیە سەرهەڵدانی ڕاپەڕینێکی گەلی ببێتە هۆی تەقینەوەی شەڕێکی ناوخۆو پارچە پارچە کردنی وڵات؟

+ئێمە وەکو حزبو، هەندێك لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی دەخوازین گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ڕێگای ڕاپەڕینێکی گەلییەوە ڕووبداتو، تیایدا هێزە چەکدارەکان بە قورسایی خۆیان بەشداربن بۆ وەدیهێنانی جێگرەوەیەکی دیموکراتی فرەلایەنی فیدراڵی. هەڵوێستی بەرچاو لەهەر گۆڕانێکی سەرەوەیی بە واتای کودەتای کۆشك یاخود کودەتای سەربازی- کە ئەگەریان هەیە بەهۆی ئەو بارودۆخە نائاساییەی کە وڵات پێیدا تێپەڕ دەبێتو، بەهۆی هەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی فراوان لە ریزی هێزە چەکدارەکاندا- گرێدراوە بە سروشتی ئەو گۆڕانەو، بە پرۆگرامی ئەو کودەتایەو، بە ڕەفتاری کودەتاچییەکانو، دوورو نزیکیان لە داخوازییەکانی گەلو، پرۆگرامەکانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی عێراق. لەبەر ڕۆشنایی ڕەفتاری کرداریو، لەبەر ڕۆشنایی هەڵسوکەوتی بەرچاوی کودەتاچییەکان، هەڵوێست دیار دەکرێتو بڕیاری لەسەر دەدرێت.

خواستی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی سەرەوەیی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە دەخوازێت خەڵکێك بێت گونجاو بێت لەگەڵ خواستەکانی ئەودا. ئەمەش واناگەیەنێت کە هەموو ئاڵوگۆڕێك ئاڵوگۆڕێکی ئەمریکایی دەبێت. بەڵام خواستی ئەمریکا لە پاراستنی ئەو دامو دەزگایەوە بە هەموو واتاکانییەوە وەك دەزگایەك لە رووی پەیوەندییەکانی جەماوەر، پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزبەکان، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دیموکراتییەت سەرچاوە دەگرێت.

*ئاخۆ چاوەڕوانی گۆڕانکاریی لە سیاسەتی ئیدارەی تازەی ئەمریکا دەکەن بەرامبەر بە عێراق؟

+لە گەوهەردا، قورسە چاوەڕوانیی گۆڕانێکی ریشەیی لە هەڵوێستەکانی ئیدارەی ئەمریکا بکرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لەسەر شێوازو تەکنیکەکانی ئیدارەی (بیل کلینتۆن) بەردەوام دەبێت.

ئیدارەی بۆشو لێدوانی بەرپرسەکانی تا ئێستا تەئکید کردنەوەیە لەو ناوەڕۆکانەی کە بەرپرسانی پێشووتر بەکاریان هێنا. بەڵام سیاسەتی ئەمریکا بە گشتی، وەك سیاسەتی هەر وڵاتێکی دیکە، ناکرێت بە یەك شێواز تەماشا بکرێت بە بێ گەشەپێدان یاخود پێداچوونەوەو بادانەوە. چونکە کۆمەڵێك جموجۆڵو هۆکاری کاریگەر بۆی هەیە شوێن دەستی بخاتە سەر جۆری مامەڵەی ئیدارەی تازەو شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ رژێمی دیکتاتۆری فەرمانڕەوا لە عێراقدا.

*زانیارییەکان ئەوە دەردەخەن کە نزیك بوونەوەیەکی بەرچاو هەیە لە نێوان مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانیو، ئاماژەش بۆ ئەوە دەکەن کە ئەگەری گەیشتن بەرێککەوتن بۆ ئاشتی لە نێوانیاندا هەیە. ئاخۆ ئێوە گەشبینن لە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەم نزیکانە؟

+هەستکردن بە بەرپرسیارێتیو دەرککردن بە مەترسییەکان پاڵی بە سەرکردایەتی هەردوو حزب، واتە پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە نا کە لەو هەفتانەی دوایی کۆمەڵێك دیداری چڕ ئەنجام بدەن بۆ لابردنی ڕێگرو بەربەستەکانو دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکان کە بۆی هەیە وەرچەرخانێك بخاتە بارودۆخی کوردستانو، پێکەوە ژیانو یەکپارچەیی هەرێمی کوردستان بگەڕێنێتەوە.

بەڵێ، ئەوەندە هەیە کەوا دەکات گەشبین بین، بەڵام قورساییو ئاستی قەبارەی بەربەستە زۆرو گەورەکانیشمان لەبەرچاوە کە لە دەستێوەردانی نێودەوڵەتیو ناوخۆییو ئاژاوەگێڕییەکانی ڕژێمی عێراقیشمان دروست دەبن.

### بەشێك لە وتەی هاوڕێ حمید مەجید لە کۆڕی پاریس

ڕۆژی 2001/2/5 بە دەستپێشخەری پارتی سەوزی فەرەنساییو بە هاوکاری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ناو پەرلەمانی فەرەنسا لە پاریس کۆڕێکی فراوان بە ناونیشانی (ڕووبەڕوو بوونەوەو ئاسۆکانی کە ڕووبەڕووی عێراق دەبنەوە لە سایەی ڕژێمی سەدام حوسێن) گرێدرا. بە بەشداری نوێنەری لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیو، نوێنەری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی عێراقیو فەرەنساییو نێودەوڵەتی. جگە لە کۆمەڵێك لێتوێژەرو ڕۆژنامەنووسی عێراقیو بیانیو، نوێنەرانی پارتی سەوزو حزبی شیوعی فەرەنساییو پەرلەمانی ئەورووپا.

#### کۆڕەکە ئەم تەوەرانەی لەخۆ گرتبوو:

-مێژووی سیاسی هاوچەرخی عێراق.
-کۆمەڵگای مەدەنیو ئازادییەکان لە عێراق.
-وێرانکردنی ژینگە لە ئەنجامی تاوانەکانی رژێمو شەرە دوژمنکارانەکانیو بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی.
-کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو عێراق.
-پاشەڕۆژی عێراق لە دیدی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییەوە.

هاوڕێ (حەمید مەجید موسا) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق لە کۆڕەکەدا بەشداری کردو، لە تەوەری (پاشەڕۆژی عێراقدا) وتەیەکی پێشکەشکرد کە ئەمە چەند لایەنێکیتی:

(لەسەرەتادا ڕێگەم پێبدەن کە سوپاسو ڕێز پێشکەش بە ڕێکخەرانی ئەم کۆنفرانسە بکەم، کە بە شێوازێکی کارای دادەنێین بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ گەلەکەمان دژ بە ئابڵۆقەی ئابووریو دیکتاتۆرییەت.

ڕاستییەکی نەگۆڕە کە تێڕوانین بۆ پاشەڕۆژی عێراق-کە بێگومان پاشەڕۆژێکە بەبێ دیکتاتۆرییەت-واقیعی نابێت بەبێ ناسینی ڕابردووی-با بڵێین نزیك-و لەسەر بنەمای پێداچوونەوەی ئێستای.

عێراق-وەك گەلو وڵات-لە دۆخێکی کەم وێنەدا دەژین، کە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە.

1-دڕندەیی ڕژێمی فەرمانڕەوای خوێنرێژو دوژمنکارانە کە دژایەتی ڕەهای دیموکراتییەتو سەرجەم مافەکانی مرۆڤ دەکات.

2-تێکچڕژانی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتیو هەرێمایەتییەکان، کە بەرامبەر بە عێراقو دەوروبەری دروست بووەو، لە هەڵوێستیدا پشت دەبەستێت بە لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ زیاتر لە (40) بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش تایبەت بە ڕەفتارەکانی ڕژێمو هەڵوێستە دوژمنکارانەکەی کە هاودژی بەرژەوەندییەکانو ململانێی نێوانیان ڕۆڵێکی خراپی هەبووە لەسەر تێکۆشانی گەلەکەمان دژ بە دیکتاتۆرییەت.

3-ئەو کارەساتانەی کە بەسەر گەلی عێراقدا هێنراوە، بە ئابووریو ژیانو ڕۆشنبیریو ژینگەیەوە، ئابڵۆقەی ئابووری نێودەوڵەتی (کە بێوێنەیە لە مێژووی هاوچەرخدا) ئەوەندەی دیکە کارەساتەکەی گەورەتر کردووە، ئابڵۆقەیەك کە جیاوازی لە نێوان گەلێکی بێتاوانو، ڕژێمێکی تاوانباردا ناکات).

هەروەها لەلایەکی دیکەی وتەکەیدا هاوڕێ وتی (یەکێك لە کلیلەکانی پاشەڕۆژ دەستبەجێ هەڵگرتنی ئابڵۆقەی ئابوورییە لەسەر گەلی عێراق بەبێ قەیدو شەرت. بۆ ئەوەی بتوانێت ئابووریی مەدەنی بەرهەمهێنەر ببوژێنێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بژێتو بیر بکاتەوە بەشێوەیەکی سروشتیو، بە شێوەیەك دەرفەتی بۆ برەخسێت ڕووبەڕووی دیکتاتۆرییەت ببێتەوە کە وایکرد گەل تاڵی بچێژێتو، وڵاتی وێرانکردو، ئابووریی داتەپاندو، کۆمەڵگاو ڕۆشنبیریی شێواندو، ژینگەی پیسکرد (بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، بە تاوانی هەڵەبجەو، بە ژەهراویکردنو وشککردنی زۆنگاوەکانو، بە شەڕە ماڵوێرانکەرە بەرفراوانەکانیو، بەو هەڵانەی کە ڕەخساندنی بۆ بەکارهێنانی قورسترین چەك لەشەری کەنداوو، بەکارهێنانی یۆرانیۆم لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاییەوە. ئیدارەی ئەمریکاو هەندێك لە هاوپەیمانەکانی (لەگەڵ ڕژێمی دیکتاتۆری فەرمانڕەوا) بەرپرسیارێتی گەورە دەکەوێتە ئەستۆیان لەم زنجیرە ترسناکەی کە دژ بە گەلەکەمان بە ئێستاو ئایندەوەی بەکارهێنراوە).

هەروەها هاوڕێ (حەمید مەجید موسا) لە وتەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە لەو کاتەی کە دەبێت ئابڵۆقەی ئابووریی لەسەر هەڵبگیرێت، ئەوە دەبێت ڕژێمی دیکتاتۆرییو دارو دەستەکەی بخرێنە ژێر سزاوە، دەبێت بدرێن بە دادگاو بڕیاری (688)یان بەسەردا جێبەجێ بکرێتو، پاڵپشتی پاكو بێ بەرامبەر پێشکەشی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بکرێت بۆ کۆتایی هێنان بەو حوکمە دیکتاتۆرییە.

لە کۆتایی وتەکەشیدا هاوڕێی سکرتێر ئاماژەی بە دیموکراتییەتو فیدراڵییەتو فرەحزبیو پاراستنی مافی مرۆڤو مافی نەتەوەکان دا بۆ عێراقی پاشەڕۆژ..

---

# گورزێکی سەربازی بەر بەغدا دەکەوێت

دوای چەندین مانگ بێ دەنگی لە نێوان ئەمریکاو عێراقدا هاتنە سەرکاری (بۆش)و (ستافەکەی شەڕی کەنداو). شەوی 2001/2/18/17 فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکاو بەریتانیا، بەغدای پایتەختی عێراقیان بۆردومان کرد، شایانی وتنە ئەمریکا لەو بارەیەوە ڕایگەیاند کە بۆمباران کردنەکە، چەندین خاڵی ڕاداریو سەربازیی گرتۆتەوە، ئەو نێوەندانەی بەریشکەوتوون سەرچاوەی چاودێریو مەترسی بوون لەسەر فڕۆکە پارێزەرەکانی هێڵی 36ی باکوورو 32ی باشووری عێراق کە لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە پارێزگاری لێ دەکرێتو، لە ئەنجامدا هەشت هاوڵاتی مەدەنیش بەرکەوتوون، هەرچی عێراقیشە لەلایەکی تر ڕایگەیاند کە فڕۆکەکانی ئەمریکا ناوچە مەدەنییەکانی بەغدایان بۆمباران کردووەوزیان بە هاووڵاتییان گەیشتووە. لێرەوە دەکرێ بڵێین، ئەم گورزە سەربازییە لە عێراق سەرەتایەکی دەسپێکردنو ئاگادارکردنەوەی عێراقە لەهەر پێشێلکارییەکی ئەو ڕژێمە بۆ سەر گەلانی عێراق بە کورد و عەرەبەوەو گۆڕانکارییەکیشە لە سیاسەتی ئەمریکاو بەریتانیا لەمەڕ کێشەی عێراق و ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا.

---

3 لە 3

# کێشە فەلەستین

## پرۆسەی داگیرکردنی، ڕووداوە مێژووییەکان ئەلتەرناتیڤە جیاوازەکان

عوسمان محەمەد

### ڕێگەچارەی ڕەوتە بۆرژواکان

لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم کێشەیەوە کێشەی داگیرکردنی فەلەستین لەلایەن دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانەوە، دوو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە دوو ڕوانگەی سیاسیی جیاوازەوە (ناسیۆنالیزمو مەزهەب) هاتنە مەیدانو سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئازادیخوازی فەلەستین بوون، بۆ جێبەجێکردنی خواستە سیاسییەکانی خۆیان نەك بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی نەتەوایەتی خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین، بەو هۆیەی کە ناسیۆنالیزم بزووتنەوەیەکی زیاتر کۆمەڵایەتی بووو، لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان دەسەڵاتدار بوون بۆیە ئەم بزووتنەوەیە توانی زیاتر سیاسەتەکانی سوننەتەکانی دابو نەریتو یاساو ڕێساکانی جێکەوتووتر بێو، لە مەیدانی سیاسیشدا خۆی فەرز بکات بەسەر کۆمەڵگای فەلەستینیدا، هەرچەندە (شووڕەی چین) لە نێوان ڕەوتە ناسیۆنالیستەکانو ڕەوتە مەزهەبییەکاندا نییە، لە زۆر خاڵدا یەك دەگرنەوە، چونکە هەردوولا پابەندن بە چەوساندنەوەی هێزی کاری چینی کرێکارو پاراستنی موڵکی تایبەتییەوە. ئەم دوو بزووتنەوە سیاسییە چەندین ڕێکخراوی جۆراوجۆریان دروست کرد، بەپێی هەلومەرجی سیاسیو بەپێی قۆناغی گەشەکردنو هۆشیاربوونەوەی جەماوەری ئازادیخوازی فەلەستین، بەڵام هەریەکەیان ڕێبازی سیاسیی خۆی هەبوو، واتە پابەندبوون بە سوونەتی ناسیۆنالیزمو مەزهەبەوە.

ڕەوتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەستی کراوە تر بوو لە ڕەوتە مەزهەبییەکان، بەپێی هەلومەرجی بابەتیو مێژوویی دەیتوانی ئارایشی سیاسیو تەشکیلاتی جۆراوجۆر بە خۆی بدات، زۆرێك لەو ڕێکخراوانە ئیدیعای دیموکراسیی ئازادیخوازیو مارکسیزمییان دەکرد، بەڵام ئەمانەش لەگەڵ ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتو ئیفلاس بوونی سۆسیالیزمی بۆرژوازی خۆری گەشەکردنیان ئاوابوو، چونکە ئەوانیش وەك یەکێتیی سۆڤیەتی ڕابەریان ستراتیژی ئابوورییان سەرمایەی دەوڵەتی بوو نەك ئابووری سۆسیالیستیو بە کۆمەڵایەتی بوونەوەی وەسیلەکانی بەرهەم هێنان.

خەڵکی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە ماوەی (70-80) ساڵەی ڕابردوویدا بە شێوەی جۆراوجۆر دژایەتی زایۆنیزمی ئیسرائیلی کردووە. گیانبازیو قوربانییەکی زۆری داوە، ئاوارەییو دەربەدەریو کوشتنو گرتنو ئەشکەنجەی کەم وێنە بۆتە کارێکی هەمیشەو ڕۆژانەی ئەو خەڵکە، بەڵام چینە داراکانی کۆمەڵ لە ڕێگەی زاڵ کردنی سیاسەتو ئاسۆی خۆیانەوە بەسەر ئەم خەباتو نارەزایەتییەدا، توانیویانە جڵەوی ئەم خەباتە بگرنە دەستو سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکان بن لە پێناو ئامانجو بەرژەوەندی خۆیاندا ئاراستەی بکەنو هەر لەو چوارچێوەیەدا لە قاڵبی بدەن، حزبە ناسیۆنالیستەکان چ بەپێی بەرژەوەندی چینایەتییانو چ بەپێی تەجروبەی واقیعیو مێژوویی، سەلماندییان کە خەباتکاری ڕێگەی لابردنی ستەمی میللی نین، بەڵکو خۆیان بەشێکن لە کۆتو بەندی ستەمی میللی.

لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا ئیتر ناسیۆنالیزم ماناو چەمكو ناوەڕۆکی تایبەتیو سیاسی خۆی هەیە کە لە دەورانەکانی تر جیاوازە ئەویش پابەندبوونیانە بە ڕەوتی گەشەی پرۆسەی سەرمایەداریی جیهانەوە، کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی خەباتو نارەزایەتییەکانی چینی کرێکارو خەڵکی ئازادیخواز دەبنەوە، بەتایبەتی ئێستا رکودو قەیرانی ئابووریی سیاسی بەربینی بە نیزامی سەرمایەداری جیهانی گرتووە، ناسیۆنالیزم وەکو گۆپاڵی کارای دەستی بۆرژوازی ڕێك بۆ خەفەکردنی نارەزایی خەباتی چینی کرێکار دەمە زەرد کراوەتەوە، ئەم ڕەوتە بۆرژوازییانە ڕۆژ چۆن پێویست بکات تاکتیكو ستراتیژییان بەپێی ئەوە دەگۆڕن، ئیتر ئەم ئاڵوگۆڕە کارەساتو ڕووداوی خوێناوی دەخوڵقێنێت، یان ماڵوێرانیو دەربەدەری بە دواوە دەبێت هیچ گرنگ نییە بۆیان، گرنگ ئەوەبوو بەرژەوەندی سیاسی ئەوان پارێزراو بێ.

ڕێکخراوە سیاسییەکانی فەلەستین بە ناسیۆنالیزمو ڕەوتە مەزهەبییەکانەوە بەو پێیەی کە توانستی مادیو مەعنەوی لە وڵاتە عەرەبییەکان وەردەگرنو دەرگیری کێشەیەکی تایبەتن، سەربەخۆیی سیاسییان نییە، دەبێ پابەندبن بە سیاسەتو بەرژەوەندی وڵاتە عەرەبییەکانەوە، وڵاتە عەرەبییەکانیش چ بەرژەوەندی سیاسی چینایەتییانو چ هاوجووتییان بە سیاسەتی سەرمایەداری جیهانەوە، بە ڕابەری ئەمریکا ناتوانن لەو چوارچێوە سیاسییە بەدەر بن.

ئەگەرچی کێشەی فەلەستین - ئیسرائیل لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا خۆی بووەتە ڕێگر لەبەردەم گەشەی ڕۆتینی ئابووری سیاسی سەرمایەداری، یان بووەتە هۆی ناجێگیریو ئاڵۆزی لە ناوچەکەو جیهانیشدا، هۆو بنچینەکانی ئەم حاڵەتەش سەرچاوە گرە بە پلەی یەك لە ئیفلاسی سیاسی دەوڵەتی ئەمریکاوە بەرامبەر ئەم کێشەیەو گشت کێشەکانی ناوچەکەوە، دووەمیش هێزو حزبە کۆنەپەرستو ڕەگەزپەرستەکانی ئیسرائیل، مل بۆ هیچ ڕێگەچارەیەکی خەڵکی فەلەستین نادەن، سیاسەتی ئەم هێزە کۆنەپەرستانە لە دوولاوە برەوی هەیە، لەلایەکەوە توانیویانە ئەم سیاسەتە بکەنە عەقڵییەتی زۆربەی خەڵکی ئیسرائیلو، لەلایەکی تریشەوە ئەو یەهوودانەی کە نیشتەجێی وڵاتی ئەمریکان هەمان سیاسەت پەیڕەوی دەکەن، هەر بۆیە هیچ سەرۆك کۆمارێ ناتوانێ تەنانەت سیاسەتێکی میانڕەویش پیادە بکات لە بەرامبەر ئەو کێشەیەدا، چونکە بە بیانووی جۆراوجۆ لەسەر کورسی دەسەڵات لایدەدەن، وەك ئەو کێشەیەی لە بەرامبەر کلنتۆن ڕاست کرایەوە کە گوایە پەیوەندی لەگەڵ کچێکدا بە ناوی (مۆنیکا) گرتووە کارەکەش لە کۆشکی سپیدا ئەنجام دراوە، ئەمەش بەپێی یاساکانی ئەمریکا دەتوانێ کلنتۆن لە سەرکۆماری لابدات، ئەمە سیناریۆیەك بوو یەهوودییەکانی ئەمریکا وەك تیشکی سوور بەرزیان کردەوە، چونکە لەو کاتەدا کلنتۆن دەیویست گوشار بخاتە سەر سەرکردەکانی ئیسرائیل بۆ زیاتر دان پێدانان بە مافی خەڵکی فەلەستیندا، ئەوەتا ئێستاش کاندیدەکانی ئەمریکا بۆشو ئالگۆر لایەنگریی خۆیان بۆ ئیسرائیلو بۆ ڕژێمی ئیسرائیل دەردەبڕن، لەگەڵ ئەوەی کە ڕژێمی ئیسرائیلی ئەو هەموو تاوانە لە دژی خەڵکی فەلەستین ئەنجام دەدات، چونکە دەزانن هەڵوێست وەرگرتنی یەهوودییەکان لە هەر یەکێکیان بە مانای دەرنەچوونە لە هەڵبژاردنی گشتی بۆ سەرۆك کۆمار، ئەگەرچی ئەمەش بە دژی ڕەوتی ڕۆتینی گەشەی سەرمایە بێت لە ناوچەکەو لە جیهانیشدا.

دەوڵەتە عەرەبییەکانیش لەوەی زیاتر بە دە پەنجە مۆری سیاسەتەکانی ئەمریکا بکەن، هیچی تریان لە دەست نایەت یان نایانەوێ هیچ هەنگاوێ لە دژی سیاسەتەکانی ئەمریکا هەڵگرن، ڕێکخراوە فەلەستینییەکانیش پاشکۆی سیاسەتی وڵاتە عەرەبییەکانو پەیڕەوی لە سیاسەتی ئەمریکا دەکەن، بەڵام ئیفلاسو بنبەستی سیاسەتەکانی ئەمریکا خەریکە ڕێگا بۆ سەرهەڵدانی قوتبێك لە بەرامبەر ئەمریکادا دەکاتە کارێکی پێویستو زەروری، چونکە ئیتر ئەمریکا ناتوانێ بەرژەوەندییە گشتییەکانی سەرمایەی جیهانی بپارێزێ. یان ناتوانێ ڕابەرایەتی بەرژەوەندییە گشتییەکانی سەرمایەی جیهانی بکات.

پرۆسەی ئاشتیی (فەلەستین ـ ئیسرائیل)یش کە زیاتر لە (8) ساڵە درێژەی هەیە وا ئێستا خەریکە ئاکامەکانی خۆی دەپێوێ، لایەنە بەشداربووەکان بە ئیفلاسی سیاسی گەیشتوون، خەڵکی ئاشتیخوازی فەلەستینو ئیسرائیل لەسەر دەستی ئەم ڕەوتە بۆرژوا نەتەوەییو ئایینییانە تووشی نائومێدی هاتوون، هەروەها ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئاکامە زیانبارەکانی دەمارگیری عەرەبیو ئیسلامیو یەهوودیو ناکۆکییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندە واقیعییەکانی کۆمەڵگای فەلەستینو ئیسرائیل بۆ جەماوەر ئاشکراتر دەبێت، هەر بۆیە ئەو وەحشیگەرییەی ڕژێمی ئیسرائیل ئەنجامی دەدات، نەتەنها تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە خەڵکی فەلەستین، بەڵکو پێشێلکردنێکی ئاشکرای ئیرادەی زۆربەی جەماوەرە لە ئیسرائیلدا، کە چاوی بڕیوەتە ئاشتی لە ناوچەکەدا، بۆرژوازی عەرەبیو یەهوودی لەژێر هەر ناوێکدا بن دەست لە بزواندنی نەتەوەییو ئایینیو چاندنی تۆوی دووبەرەکایەتی لە ناو چینی کرێکارو بەرگرتن بە یەکێتی چینایەتییان هەڵناگرن.

### ڕێگەچارەی ئینسانی خەڵکی فەلەستین لە چیدایە؟

مێژووی دوورو درێژی کێشەی داگیرکردنی فەلەستینو کارەساتو تراژیدیایەك کە بەسەریان هاتووە دڵی هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز دەتەزێنێت، هاتنە مەیدانی خەڵکی ئازادیخوازی فەلەستین بۆ ڕزگاریو بەدەستهێنانی مافە ئینسانیو سیاسییەکانیانو ئەو گیانبازیو فیداکارییەی کە لە دژی ڕژێمی داگیرکەری ئیسرائیل کردیان، هەوڵو خەباتێکی کەم وێنە بووە لە دنیای هاوچەرخدا.

بەڵام عەیبی ئەم بزووتنەوە نارەزاییە بەردەوام ئەوە بووە کە بە درێژایی (70-80) ساڵی ڕابوردوو، ڕەوتە بۆرژوا ناسیۆنالیستەکانو ڕەوتە مەزهەبییەکان ڕابەرایەتی ئەم خەباتو نارەزاییەی خەڵکیان بە دەستەوە گرتووە، ئامانجیش لەم ڕابەرایەتی کردنە دابینکردنی خواستە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکەی خۆیان بووە نەك ڕزگاری خەڵکی فەلەستین لە ستەمی میللی.

لەلایەکی تریشەوە دەوڵەتی تاوانباری ئیسرائیلو ڕەوتە نەتەوەپەرستەکانو ڕەوتە ڕەگەزپەرستو مەزهەبییەکانی، کە دوژمنایەتی ئاشکرایان لەگەڵ خەڵکی عەرەبی فەلەستینو مافە ئینسانییەکانیان وەکو بەشێك لە ناسنامەی خۆیان ڕوونو ڕاشکاوانە ڕاگەیاندووە، ئەمانیش لایەنێکی تری هاوکێشەی یاری کردنن بە چارەنووسی خەڵکی فەلەستین، لە هەمان کاتیشدا بەرپرسو تاوانباری ڕاستەوخۆی لە خوێن هەڵکێشانی ئەو خەڵکەن، ڕژێمی دەسەڵاتدار لە ئیسرائیل بە هەموو باڵەکانییەوە، بەپێی پێناسەیەکی نەتەوەپەرستانەو ڕەگەزپەرستانە کە بۆ خۆی دەیکات، نیشانی داوە کە کۆسپێکی سەرەکییە لەبەردەم بەرپابوونی ئاشتیو ژیانێکی بەختەوەردا، نەك تەنها بۆ خەڵکی فەلەستین بەڵکو بۆ خەڵکی ئاشتیخوازو ئازادیخوازی ئیسرائیلیش.

لەبەر ئەو هۆیانە هەر هەوڵێکی ڕاستەقینە بۆ بەرپاکردنی ئاشتیو ئازادی لە گرەوی ڕووخانی ئەم ڕژێمە ڕەگەزپەرستو نەتەوەپەرستەو جێگرتنەوەی بە ڕژێمێکی ئینسانیو مەدەنیو سکولار، کە ناسنامەی نەتەوەییو نەژادی هاووڵاتییان فەرامۆش بکات، لەسەر بناغەی ئینسانیو هاووڵاتی بوونو، بە چاوێکی یەکسانی تەماشای هەموو دانیشتوان بکات.

ناسیۆنالیزمی عەرەبیو ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان، لایەکی تری هاوکێشەکەن، چەندین ساڵە ئەم هێزە سیاسییە کۆنەپەرستانە، یاری بە چارەنووسی خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستینەوە دەکەن، ئەم کێشەیەیان کردووە بە کارتێکی سیاسی بۆ خزمەت بە خواستە سیاسییەکانی خۆیان. ئەمانە نەك هەر نوێنەرایەتی خەڵك ناکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئازادیخوازەکانو ڕزگاربوونیان لە زوڵمو ستەمی نەتەوەیی، بەڵکو ژیانی پڕ لە کارەساتی ئەو خەڵکەو کێشەکەیان، بە ئامرازو بابەتێك دەزانن بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتو جێگەو ڕێگەی خۆیان لە ناوچەکەو دنیای عەرەبیدا.

خۆ جیاکردنەوەی فیکریو سیاسیو ڕێکخراوەیی خەڵکی ئازادیخوازو ئاشتیخوازی فەلەستینو ئیسرائیل، لە سیاسەتو کارکردی پڕ لە تراژیدیای ڕەوتە ناسیۆنالیزمو مەزهەبییەکانو پاراستنی هێزی سەربەخۆیی خۆیانو هاتنە مەیدانی نەسلێکی تازە لە خەڵکی ئازادیخوازو سۆسیالیست، کە ئێستا پایەی زۆر بەهێزی کۆمەڵایەتی هەیە، چ لە فەلەستینو چ لە ئیسرائیلدا، لە هەمان کاتدا مەیل بۆ ئاشتیو ژیانێکی ئارام لە هەردوو کۆمەڵگادا ریشەدارو بابەتییە، زۆربەی خەڵکی ئەو دوو جێگەیە نەفرەت لە شەڕو کوشتو کوشتارو، بانگەواز بۆ ئاشتیو ئارامی دەکەن.

بەڵام ئەم مەسەلەیە تەنها بە ئاواتو خۆزگەو ئارەزووی ئینسانەکان بەدی نایەت، مەیلی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینو مەیلی ئاشتیو ژیانێکی ئینسانیی ئارام بۆ ئەو دوو لایەنە .. بە شکستی باڵی ڕاستڕەوی ئیسرائیلو فەلەستینو وەدەرنانیان لە گۆڕەپانی سیاسیدایە ..

پێکهێنانی دەوڵەتی فەلەستین، هەنگاوێکی گرنگەو تەرازووی هێزەکان لە سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قازانجی ئازادی دەگۆڕێت. گەرچی ڕوونە کە ئازادیی خەڵکی فەلەستین، تەنها بە سەربەخۆیی دابین نابێت، ڕزگاریو ئازادی لە فەلەستیندا بەندە بە سۆسیالیزمو گەشەی عەلمانییەت لە ناوچەکەدا.